www.kurdistannet.org
02/07/2003 21:50

# ســــــورەتـــــی شەو

شیعری" حەمەشوان شەریف

نیوەڕۆیەک بەکرم بیینی. . .

لەژێربالّی ئەرخەوانی هەتاوێکدا
پیاسەی دەکرد.
هەردودەستی خستبویە ناو پانتۆلّی خەمێکەوە
بۆ سێبەری سەبوری خۆیی چەمابووەوە.

ئێوارەیەک بەکرم بینی. . .

هەردوچاوی دوهەلّماتی سووری ڕێیبوون
حەزی دەکرد
شیعرێکی خۆیی بکاتەبەر ئەو درەختەی
لەلاملی ڕێگایەدا
شەو شیعرو هەناسەیان لەمەملەکەتی جبەیا
لێبزرکرد.
بۆبەیانی بەکرم بینی. . .
شەش شەوی خۆیی لەشیعرێکی نارنجیدا
بۆخوێندمەوە.
لەوکاتەوە. . .
ئەو شەوانەیی پرچەکانت درێژ ترن لەجۆگەلە*
لەلام بووە بەسورەت و
ناوم لێنان
سورەتی شەو.

١٩٩٦سوید

*ئەم شیعرەم پێشکەشە بەشاعیر ئەبوبەکر علی کەلەسلێمانی تیرۆریان کرد
تەمەنی خۆیی بۆشیعرەکانی جێهێلّا. .
*ئەوشەوانەیی درێژترن لەجۆگەلە . . دێرێکی شاعیر ئەبوبەکر علی یە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org